Bayerisches Staatsministerium für
Gesundheit und Pflege

# زانیارییەکان لە بارەی پشکنینی تەندروستیتان

هەموو داواکارانی پەنابەریی پشکنینی تەندروستییان بۆ دەکرێت، بۆ ئەوەی ئەگەر نەخۆشییەکی درمییان هەبێت بزانرێت و هەروەها چارەسەرییان بۆ بکرێت. ئەو پشکنینە لە رووی یاساییەوە ئیلزامییەو (62§ یاسای پەنابەریی)و بە خۆڕاییە. بە پێی (62§ یاسای پەنابەریی) ئەو کەسەی داواکاری پەنابەریی کردووە، ئەگەر ڕێگری بکات لە پشکنینی، ئەوا فرمانبەرانی بەرپرس بۆیان هەیە لە کاتی پێویستدا بە ئیجباری پشکنینەکەی جێبەجێبکەن.

لە چوارچێوەی پشکنینەکە هەندێ زانیاری دیاریکراو لەبارەی تەندروستیتان دەردەخرێت (ئەنجامەکانی پشکنینی سی و خوێن و هی پاشەڕۆکیش گەر پێویست بوو). ئەو زانیاریانە پێویستن، تا ئەگەر نەخۆشیێکی درمتان هەبوو بتوانرێت زوو بزانرێت و هەروەها چارەسەریتان بۆ بکرێت، بۆ ئەوەی مرۆڤەکانی تریش لە لێگرتنەوەو تووشبوون بپارێزرێن.

ئەنجامی پشکینەکە بەو فرمانبەرانە ڕادەگەیەنرێت، کە بەرپرسن بۆ پەیداکردنی شوێنی حەوانەوە. ئەگەر نەخۆشییەکی درمتان لێ دۆزرایەوە ئەوا ئێوەش لێی ئاگادار دەکرێنەوە. هەروەها بۆ چارەسەریتان. هەروەها بنکەی تەندروستیی بەرپرس لە شوێنی نیشتەجێبوونتان لە بەرەنجامەکان ئاگادار دەکرێتەوە (16§ یاسای پەنابەریی و ,25§§ 28 یاسایی پاراستنی بڵاوبوونەوی نەخۆشیی). ئێوە بۆتان هەیە تەماشای نامەی دیاریکردنی نەخۆشییەکەتان بکەن و کۆپییەکی داوابکەن

**پشکنینی سییەکان (تیشککردن)**
(بۆ ئەوانەی تەمەنیان لەسەرەوی ١٥ ساڵییە بۆ ئەو نەخۆشییە درمانەی کە تووشی سییەکان دەبن).
نەخۆشی سیل بریتییە لە ئیلتیهابێکی درمی سییەکان، کە ئەگەر چارەسەریی نەکرێت، سییەکان تێکدەدات و نەخۆشەکە بەرەو مەرگ دەبات. نەخۆشییەکە زۆربەی جاران دەستپێدەکات، بێ ئەوەی نەخۆش هەست بە ئازار بکات، دواتر تووشبوو تووشی کۆخە دەکات، کێشی کەم دەبێت و ئەرەق دەکات. بە ڕێگای تیشکگرتن نەخۆشی سی ئاشکرا دەبێت و دەتوانرێت بە دەرمان چارەسەریی بکرێت. ئەگەر نەخۆشی سی نەزانرێت، لەوانەیە نەخۆشییەکە ئۆرگانەکەنی تری جەستەش تووشی زیانیی هەمیشەیی بکات. بۆیە ئاشکراکردنی نەخۆشییەکە بە ڕێگای تیشکگرتن زۆر گرنگە.
بۆ منداڵان و ژنی دووگیان لە جیاتی تیشکگرتنی سییەکان پشکنینی خوێنیان بۆ دەکرێت (IGRA-Test).

**پشکنینی خوین**
(بۆ نەخۆشییە درمەکانی خوێن و جگەر)
نەخۆشی زەردکی ب (Hepatitis B): نەخۆشییەکەی درمە، بە ڕێگای ڤیرۆس بە هۆی خوێن یان پێوەندی سێکسیی دەتوانرێت بگۆزرێتەوە. کە جگەر تووشی ئیلتیهاباتێک دەکات.

(HIV I)و (HIV II): نەخۆشیێکی درمی ڤایرۆسییە، بە ڕێگای ڤیرۆس بە هۆی خوێن یان پێوەندی سێکسیی دەتوانرێت بگۆزرێتەوە. تووشبوو تووشی نەخۆشی ئێیدز (acquired immunodeficiency syndrome) (AIDS) دەکات. نەخۆشییەکەچارەسەریی نییە و نەخۆش بەرەو مەرگ دەبات.

**پشکنینی پیسایی بە هۆ**
(ئەگەر نەخۆشیی درمی ریخۆڵەکان هەبێت) بۆ نموونە زگچوون یان
نیشانەکانی ئەو نەخۆشییە لە کەسێکدا هەبێت، کە ئێوە هاموشۆ و
پەیوەندییان پێوە کردووە.
پشکنینی گرووپی TPE-Ruhr:
بریتییە لە پشکنین بە دوای بەکتریاکان، کە دەتوانن ببن بە هۆی زگچوون. یان بە
دوای مشەخۆرەکانی رێخۆڵە (بۆ نموونە کرمەکان).

**کوتین (تەلقیح )**
کوتین بریتییە لە کاریگەرترین هەنگاوەکانی پاراستن لە تووشبوون لە
کایەی پزیشکیدا.
کوتین مرۆڤەکان لە دژی تووشبوون بە نەخۆشییە درمەکان دەپارێزێت.
بۆ ئەوەی خۆت و خێزانەکەت لە نەخۆشییە درمەکان بپارێزیت بۆ نموونە لە
نەخۆشی (مێکوتە)، تکایە سەردانی بنکەی خزمەتگوزاری تەندروستی شوێنی
نیشتەجێبوونەکەت یان پزیشکێکی ئەوێ بکە. کوتین بۆ ئێوە بە خۆڕاییە.

# زانیاری لە بارەی پشکنینیە پزیشکیەکانتان



پشکنینی سیەکان (تیشکگرتن)
تیشکی سیەکان دەگیرێت بۆ ئەو کەسانەی
تەمەنی ١٥ ساڵیان تەواو کردووە.
(بۆ منداڵان و دووگیانان پشکنینی خوێن دەکرێت)



پشکنینی خوێن
پشکنینی خوێن بۆ ئەو کەسانەی کە تەمەنی ١٥ ساڵیان تەواو کردووە:
Hepatitis B, HIV I und II
بۆ منداڵان و دووگیانان: پشکنینی نەخۆشی سیلیان بۆ دەکرێت.



هۆکانی پشکنینی پیسایی:
بۆ دۆزینەوەی بەکتریاکانی ریخەلۆک و هەروەها مشەخۆرەکانی ریخەلۆک
بۆ نموونە لە کاتی زگچوون.



کوتین
هەموو کوتینەکان بۆ پەنابەران بە خۆڕاییە.

ئەم زانیاریانە بڵاوکراوەتەوە لە لایەن:
Bayerisches Staatsministerium für Gesundheit und Pflege
Haidenauplatz 1, 81667 München
www.stmgp.bayern.de
چیریای پێشین (نۆڤەمبەر) ٢٠١٥
هژماری شت (ارتیکڵ): stmgp_asyl_006

پێندەسیار: CMS – Cross Media Solutions GmbH, Würzburg
بەڵگەی وێنە: fotolia.com: Alexandra Gl; annzakharchenko
چاپ: Druckerei Schmerbeck GmbH, Tiefenbach